# تارمایی دیستۆیێڤسکی



نەوزاد رەفعەت

من لە دوورا دیستۆییێڤسکی دەناسم
لە کۆڵانو شەقامەکانم بینیوە
کەرەتێکیش بەتەکمدا تێپەڕیوە
ئەم جارەیان
شەوبێت یان رۆژ
لە پێش دەرگا
لەسەر قومار
بەرێوە لەچەقی بازاڕ



لەهەر کوێ تارمایی دەرکەوت
لەهەر جێگایەك بۆم هەڵکەوت
کرێوەش بێت
نیازم وایە
بخزم بەرەو ئەو چیایە
بەشەرمو دوودڵییەوە
لێی نزیك ببمەوەو بڵێم:
"گەورەم ئەگەر عەزیەت نەبێت
ئەرێ ئێوە ئاگادارن
ئێستا شار پڕ زەرووەکانی ئەلیۆنا ئیڤا نۆڤنایە؟!"
دوورنییە ئەو، بەتەوسەوە یان تاسەوە تێم بڕوانێت
بەشێتو گەوجم بزانێت
دووریش نییە بڵێت " وایە
بەڵام ئاخۆ.. ئاخۆ دەبێت
باوبۆرانی رقی چەند راسکۆلنیکۆف
لە پوترسبۆرگ هەڵبکات؟!
بۆرانی رق، چەند سەر ببات؟!"
پاشان.. قا.. قا..
وەك یەکێك لە ئافەریدە سەیرەکانی
وەك کەسێکی رۆمانێکی پێبکەنێو
منی چاومۆڵەقو گرژیش
تاق و تەنیا
لە خوار قەڵا
جێ بهێڵێت لەو سەرمایە